شێرزاد حەسەن

# "تائێستاشی لەگەڵـ
# شـەوانە بەهـــ
# بەتۆپزی لەگەڵیانـــ



دیداری مەریوان هەڵەبجەیی

فۆتۆ هێمن عەبدولقادر

**لە درێژەی ئەم گفتوگۆیەدا مامۆستا شێرزاد حەسەن لەسەر پرۆسەی نووسین و دوان لەسەر شتە حەرام و تابۆکان و جورئەتکردن لە نووسیندا دەدوێت، باس لە ئەزموونی نووسەرە جیهانییەکان دەکات وەك نموونە، پاشان لەسەر پەیوەندی تەندروست و ناتەدروستی نێوان نێر و مێ لە کۆمەڵگەی تەقلیدی کوردییدا دەکات و دواتریش ئاماژە بە ئاکام و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو پەیوەندییە ناتەدروستە دەکات لەسەر ئاستی پانتایی کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەتیش لەسەر نەوەی نوێ..**

●**لڤین:** باسی سێکسمان کرد، سێکس لە چیرۆکەکانی تۆدا تایبەتمەندی خۆی هەیەو جیاوازە لەوەی کە تاوەکو ئێستا لە چیرۆکی کوردییدا دیومانە، بەڵام پێتوانییە کارکردنی بەردەوام لەسەر سێکس و ئیرۆسکوشتن تووشی خۆدووبارەکردنەوەت بکات، ئەگەر لە رووی پێکهاتەو فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردا نەیەت؟

**شێرزاد حەسەن:** تۆزێك لەمەوبەر باسی پەیوەندی نێوان نێرو مێمان کرد، پەیوەندییەکی کامڵ لەنێوان نێرو مێدا پیادەنابێت ئەگەر پەیوەندییەکە جەستەییش نەبێت. من ناڵێم لەم سەرزەوییەدا بەهەزاران پەیوەندی رۆحی لەنێوان نێرو مێدا بەبێئەوەی سێکسی تێکەوتبێت، نەبووە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر عەشقە، قسە لەسەر کامڵبوونی پەیوەندییە لەنێوان نێرو مێدا، رەنگە بەوە دەستپێبکات کە ئەبێت ئەو پەیوەندییە" پەیوەندییەکی کۆك بێت، ئەو کاتەیە کە ئیتر پەیوەندی بە مانا رۆحییەکانی خۆی؛ بە مانا جەستەییەکانی خۆی؛ بەشێوەیەکی کامڵ دروستدەبێت.. وەکو پێشتر پێموتی من لە گەڕەکێکی میللییدا ژیاوم، کە باڵق بووم؛ برادەرەکانم لەتاو تینوێتی و ئاڵۆش ئەچوونە گژ ماکەر، من لە گەڕەکێك بووم کە پڕبوو لە هەتیوباز، لە گەڕەکێك بووم ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئافرەتم بینی گوایە سۆزانین و کوژران و رەنگە زۆرجار گوناهی گەورەی ئەوانیش گومانێك بووبێت، گومانێکی زۆر سادە. تا ئەم ماوەیەش لە گەڕەکی ئێمە لەبەرئەوەی کوڕێك بەڕێکەوت کۆتر هەڵدەفڕێنێ و کچێکیش لەسەربان لەسەر تەناف جل هەڵدەخات و قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، باوکی کچەکە؛ کچەکەی خۆی فڕێدەداتە خوارەوەو بەر چیمەنتۆی حەوشەکە دەکەوێ و دەمرێت. دەگێڕنەوە کە گوایە فرۆید دایك و باوکی دەرگایان داخستووەو بەچرپە لە ژوورەوە قسەیان کردووەو ئەویش لە کونی دەرگاکەوە ویستوویەتی بزانێ چی دەکەن، بڕوانە فرۆید چ فزولیەتێکی هەبووە، دوای ئەوە (ولیەم رایش) کە تۆمەتی ئەوەی بۆ دروستدەکرێ شۆڕشهەڵگیرسێنەر یان پێشەوای شۆڕشی سێکسییە لەسەر ئاستی جیهانی، دوایی لە شێتخانەیەکی ئەمریکا دەمرێت، ئەو پیاوە

# دا بێت لەو کۆمەڵگایەی کە ئێمەی تیادەژین، ەزاران ئافرەت بەزۆر ئەتکدەکرێنو پیاوان دا دەخەون"

### بەشی پێنجەم

–ولیەم رایش– زوڵمی گەروەی لێکرا، ئەو باسی عیشقو پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان نێرو مێی دەکرد، تەنانەت لە باوکی رۆحی خۆی هەڵگەڕایەوە کە فرۆید بوو، چونکە رایش پێڕەوی لە قوتابخانەی دەروونشیکاری دەکرد. فرۆید بڕوای وابوو کە نەخۆش دێتە عەیادەیەك ئەگەر ژن بوو ئەبێ نێوان تۆو ئەو قەرەوێڵەیەك هەبێت، رایش بڕوای بەو قەرەوێڵەیە نەبوو، بۆیە رایش دوو ژن لە نەخۆشەکان ببوون بە ژنی خۆیو لەگەڵیان وەك ژنو مێرد ژیا، چونکە ئەو رێزی ئەو بۆچوونەی فرۆیدی نەگرتو وەکو کوڕێکی لاسار لە فرۆید هەڵگەڕایەوە، وتی چی تیایە ئەگەر من لەگەڵ ئەو ژنەی کە نەخۆشی منەو دێتە عەیادەکەم بکەومە پەیوەندییەکی خۆشەویستییەوە.. من زۆر منداڵ بوومو گوێم لە چرپەچرپی نێوان نێرو مێیەکان، پیاوو ژنەکانو ژنو مێردەکان بوو. کە شەو ئەکشا گوێم لە سوعبەتە جنسییەکان دەبوو، زۆر منداڵ بووم کە گوێم لە گۆرانییەکان دەگرت کە پڕبوون لە وەسفی ئەندامی لەشی ئافرەت، لە مەمكو لێوو ماچ؛ کەچی لە ژیانی رۆژانەدا باسکردنی ئەوانە گەورەترین حەرام بوو. دەمویست لەو شتانە تێبگەم، دەمویست بزانم ئەو گۆرانییانە کە ئەو رستانەی تیایەو حەرامە، چۆن رێگەیان پێدەدرێت، دوایی تێگەیشتم کە ئەوە گۆرانیبێژێکی میللییەو لە ناهۆشیاریو ناخودئاگاییو لەتاو خۆیو حەسرەتی خۆی دەنگی هەڵبڕیوەو جورئەتی کردووە باسی مەمك بکا کە رەنگە دواجار لەسەر ژوانێك کوژرابێت. بۆیە من لە چیرۆکەکانەوە، لە حیکایەتو لە شیعرەکانەوە، لە ژوانی پڕنهێنی نیوەشەوی گەڕەکی ئێمەوە کە هاوڕێکانم ئەچوونە گژ ماکەر، لەو گەڕەکەوە کە پڕبوو لە هەتیوباز، تێگەیشتم سێکس پانتاییەکی زۆر گەورەی داگیرکردووەو کەچی کەسیش باسی ناکات.. دوای دوانزە ساڵ کە من بووم بە ئایینپەروەر –لە شەشی سەرەتایی تا زانکۆم تەواوکرد– بەردەوام ئەو پیرە ددانکەوتووانەم دەدی کە لە مەلایان دەپرسی چەند حۆریمان هەیە لە بەهەشت.. لە رەمەزاندا کە ئێمە برسیمان دەبووو چاوەڕێی ئەوە بووین رۆژوو بشکێنین، بەردەوام ئەو پرسیارە دەکرا، بەرلەوەی ئاو یان دەنکێ خورما بخۆین بەردەوام گوێم لە پیرەمێردەکان بوو بۆ جاری هەزارەمین لە مەلایان دەپرسی لە بەحەشتێ چەند حۆریمان هەیە؟ دواتر کە باڵق بووم؛ تێگەیشتم لەوەدەچێت ئەو پیرەمێردە ددانکەوتووانە قەت لە ژنەکانی خۆیان تێرنەبووبن، بەردەوام لە خەیاڵی ئەواندا حۆرییەك هەیە کە ژنەکانی ئەوان نییە. من لەوەوە تا حەدی شێتی بیرمدەکردەوە! ئەی خودایە سێکس چ پانتاییەکی گەورەی هەیە کەچی کەس قسەی لەسەر ناکات؟! لە قوتابخانەکانو دوای ئەوەش کە چوومە زانکۆ؛ پاشانیش کە هاتمە سلێمانیو بووم بە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی تێکەڵ، بە تەنیا کچو کوڕەکانم دەدواند، بەجووتە دەمدواندنو دەمزانی ئەمانە چەند درۆزنن لەگەڵ یەکتری. کچەکان بەتەنیا شتێك دەڵێنو کوڕەکان بەتەنیا شتێك دەڵێن. کە بەیەکتریش دەگەن شتێکی تر دەڵێن.. من بەردەوام خەیاڵی ئەو قوتابییانەی خۆم دەخوێندەوە کە لە پۆلەکاندا تێکەڵ بوون، ئەوان هەرگیز ئاگایان لە دەرسەکانی من نەبوو، هەمیشە لە شوێنێکی تر بوون، من تێگەیشتم پۆلەکانی ئێمە چەند ساردوسڕن، چەند بێ ژیانن، چەند بێ خۆشەویستیین، ئەوانە هەموو ژانی گەورەیان دەخستە دڵی منەوە.

ئێمە هەشت نۆ دە منداڵ بووین لە ژوورێکدا دەژیاین، من باوکمم بینیوە دەیانجار بەزۆر لەگەڵ دایکم نوستووە، جاری واهەبووە گوێم لە دایکم بووە لە کاتی جووتبووندا گریاوە، گوێم لە هەناسەی بووە کە گریاوە، دیارە ئەوەشم لە چیرۆکی ئیزرائیلدا باسکردووە.. باوکم دارهەنجیرێکی بڕییەوە، لەبەرئەوەی هەنجیرەکەیمان لێدەکردەوەو دەمانخواردو جۆلانەمان پیاهەڵدەخست، براکەمو خوشکەکەشم دڵیان بە هێلانەیەکی کوکوختی خۆشبوو کە لەسەری بوو، دایکم زۆر گریا کە هەنجیرەکە نەبڕێتەوە، هەمان شەو کە ئەوکات من تەمەنم چواردە یا پانزە ساڵ بوو، وابزانم تازە باڵق بووم، ئەگریام بۆ دارهەنجیرەکە.. ئەوە شەوە من لەژێر لێفەکەدا نەنوستبووم کە چرا کوژایەوەو باوکم بەزۆر لەگەڵ دایکم جووتبوو.

من تێگەیشتم، یان هەموو شتەکان پێیاندەوتم کە پەیوەندی نێرو مێ یان سێکس، چ پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی ئێمە، لە نوکتەکانی ئێمەدا داگیرکردووە. پیاوە هەرە نەجیبزادەکانمان (ئەوانەی گەر خەڵك بیانبینێ شەرمیان لێدەکات) کە دادەنیشن بەردەوام نوکتەکانیان پڕە لە جنس، من دوای ئەوەی کە تێکەڵ بە خەڵکی ئەورووپی بووم؛ بینیم نوکتەی سەر مێزەکانی ئەوانیش پڕە لە سێکس، کەواتە شتێك هەیە بەئاشکرا ناوترێت، بەڵام لە رێی گۆرانییەکەوە؛ لە رێی نوکتەیەکەوە؛ دەوترێ.. دوای ئەوەش سەیری خەونەکانی خۆمو خەونی برادەرەکانم کرد چەند پڕن لە شتی حەرام. دوایی رۆژگارێکی تر هات کە وێرام لە کچەکان بپرسم خەونەکانی ئێوە چین؟ تێگەیشتم خەونەکانی ئەوانیش بەرادەیەکی زۆر شەرمنانەن، هەموو ئەو کوڕانەی کە دێنە خەونیان –وەك لە حەساریشدا باسمکردووە– وەهمن، بەڵام هەر هیچ نەبێت وەهمێکن کە کچان دەوێرن لەناو خەونەکانیان بیانبینن.. لەوێدا هەستمکرد پێویستە هەزار نووسەرمان هەبێت بۆئەوەی بتوانێ قسە لەسەر ئەو هەموو نهێنییە؛ ئەو هەموو ئاڵۆزییە؛ ئەو هەموو جەنگە ژێربەژێرەی نێوان نێرو مێ بکات، کە کەس قسەی لەسەر نەکردووە. بۆیە دیسانەوە دەڵێم من پیاوێکی زۆر بێبەهرەم لەو بوارەداو ئەوەی من کردوومە گەمەیەکی ئەدەبییەو هیچی تر، بەڵام بڕوام وایە ئێمە پێویستمان بە هەزار نووسەر هەیە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات، بۆ ئەمڕۆکەش لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە نووسەری لەوجۆرەیە.

> **"ڕۆژگارێکی تر هات کە وێرام لە کچەکان بپرسم خەونەکانی ئێوە چین؟ تێگەیشتم خەونەکانی ئەوانیش بەڕادەیەکی زۆر شەرمنانەن، هەموو ئەو کوڕانەی کە دێنە خەونیان -وەك لە حەساریشدا باسمکردووە- وەهمن، بەڵام هەر هیچ نەبێت وەهمێکن کە کچان دەوێرن لەناو خەونەکانیان بیانبینن"**

**ڤین: بۆچی چیرۆکنووسی کورد نەیتوانی یاخود جورئەتی ئەوەی نەکردووە بەباشی کەڵک لەو بابەتە وەربگرێتو شاکار بخوڵقێنن؛ لەکاتێکدا لە کوردستاندا هیچ جۆرە سانسۆرێک نییە؟ با لێرەدا نموونەیەک بێنمەوە، ئەحمەد مەحمود کەنووسەرێکی ئێرانییە لە ڕۆمانی (هاوماڵەکان)ـدا کە باس لە ڕۆژگارێکی پڕ لە جموجوڵی سیاسیی ئێران دەکات بەکەڵکوەرگرتن لە وێنەیەکی ئیرۆتیک لە چوارچێوەی ماڵێکی بچکۆلەدا توانیویەتی شاکارێک دروستبکات، لەکاتێکدا فەزای ڕۆمانەکە بەگشتی فەزایەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی قۆناغێکی پڕ ئاشوب‌و جەنجاڵی ئایدۆلۆژیستەکانە؟**

**شێرزاد حەسەن:** ئامارم لانییە تا بزانم لە ناو کوردو عەرەب‌و عەجەمدا چەند نووسەر جورئەتیان کردووە لەو بوارەدا کاربکەن، بەڵام بیریشمان نەچێت لە ڕۆژئاوا لە شەستەکاندا -ئیچ دی لۆرانس- بەلەعنەت کرا، لەبەرئەوەی (دۆستی خاتوو چاتەرلی) نووسی لە ئینگلتەرا، بڵاونەکرایەوەو لە ئیتالیا چاپکرا. جیمس جۆیس دادگاییکراو گۆستاڤ فلۆبێر لەسەر ڕۆمانی (مادام بۆڤاری) دادگایی کرا، ڤیلادیمێر ناباکۆف کە هاونیشتیمانییەکی ئەمریکییە، بەڵام خۆی بەڕەگەز ڕوسییەو (لۆلیتا)ی نووسی، ڕۆمانی لۆلیتا بخوێنەرەوە باس لە عەشقی پیاوێکی شەست ساڵان دەکات لەگەڵ کچێکی چواردە ساڵاندا، بەو نمونانەدا تێدەگەیت ئەمانە چەندە نووسەری ئازا بوون کە بۆ یەکەمجار وێرایان باسی حەرام بکەن. حەرام ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو کلتورەی کە تیایدا دەژین. دواجار ئایین سیستەمی ئەخلاقی ئێمە دادەڕێژێت‌و تۆش دەزانیت هەموو ئیشی ئایین لەسەر فۆبیایە، لە سێکس تۆقینە، ئایین ترسێکی گەورەی لە سێکس هەیە. لە ئاییندا سێکس لە چیرۆکەکانی ئادەم‌و حەواوە دەستپێدەکات. زۆر ڕوونەو شتێکی غەریب ناڵێم ئەگەر هەر کەسێك بێت، جا ئینگلیز بێت یان فەرەنسی بێت لە قۆناغێکدا کە کۆمەڵگا کۆنەپارێزو ترادیشناڵە؛ تەقلیدییە؛ یەکڕەنگە؛ هەر لە کۆنەوە بەو هەموو حەرامە گۆشکراوە، نووسەرێك نایەت ببێ بە موعجیزەو لەپڕ دەروازەکانت بۆ بکاتەوەو بتباتە تاریکایی ئەشکەوتەکان‌و چرایەکت بۆ ڕۆشنبکات. قسەکردن لەسەر سێکس‌و لەسەر نێرو مێ دیسانەوە دەستگرتنی مرۆڤێکە بۆ ناو ئەشکەوتێکی تاریك لەناو وجودی خۆیدا کەپێیدەڵێیت تۆ وا ئارەزوو دەکەیت‌و ئاواش بیردەکەیتەوە، پێیدەڵێیت خەونەکانی تۆ ئا بەمشێوەیەیە. لەناو ئەو ئەشکەوتەدا کە تۆیت، کە ڕۆحی تۆیە دەبینیت چەندە هیلاك‌و تاریکیت، خۆت دەبینیت لەناو خۆتدا. بۆیە بەبڕوای من ئەو نووسەرەی کە جورئەت ناکات ئەمانە باسبکات؛ بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی نەدۆڕێنێ، چونکە ئەدیب دەیەوێ وەك هەموو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ڕێزی خۆی بپارێزێت، دەیەوێ کەس پەنجەی بۆ ڕانەکێشێ‌و نەکوژرێت‌و نەفەوتێت. باس لە حەرام ناکات، چونکە لە دواجاردا ئەو بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە شۆڕشگێڕە ئەبێ قەت خۆی لەو باسە نەدات، بۆئەوەی بیسەلمێنێت نووسەری پرۆلیتارییە یان نووسەری ئاغاو کرێکارو پاڵەو جوتیارو ڕەنجدەرانە کاری بەو شتانەوە نییە، پەیوەندی نێرو مێ‌و جووتبوون‌و سێکس‌و ئەم بابەتانە بەلای ئەو جۆرە نووسەرانەوە شتی قۆڕن. من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی دەمدان لە مەسەلەی سێکس، مەترسیدارە، من دوو کچ‌و کوڕێکم هەیە، زۆرجار نەسیحەتم دەکەن دەڵێن باوکە ئەوەندە ڕووت مەبەرەوە، ئەوەندە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆت مەدۆڕێنە، باوکە عەیبە! ڕاستە من پەروەردەم کردوون، بەڵام دواجار کۆمەڵگەش لەگەڵ مندا ئەوان پەروەردە دەکات، ئەوان دوایی سیستەمێکی ئەخلاقی کۆمەڵگاش لە من دەکرن‌و پێشمیدەفرۆشنەوە. ئیدی من چی بکەم؟! تۆ بەتەنیا ناتوانی جەنگاوەر بیت. کاتێك تۆ وەك منداڵێکی دەمبەهاوار دێیتە مەیدان‌و وەکو چیرۆکەکەی (ئەندرسن) دەڵێی پاشا ڕووتە، لەبەرئەوەی تۆ دەزانی پاشا ڕووتەو جلێکی ئەفسوناوی لەبەردانییە وەکو ئەوەی وەزیرەکان پێیدەڵێن. بۆیە بەردەوام یەکێك پێتدەڵێت ڕێزی خۆت بپارێزە، ئەو ڕێزەی کە لە ژنەکەتەوە دێت، لە مناڵەکانتەوە دێت، لە خەڵکەوە، لە پوورو لە دایکتەوە دێت. لەبەرئەوە من پێتدەڵێم ئەگەر بەر لە تۆ کەسێك دەستی بۆ حەقیقەتێك نەبردبێ، ئەگەر سادەترین حەقیقەتیش بێت، گەورەترین موغامەرەو سەرکێشیی‌و ترسناکییە بۆ تۆ، بۆیە من بڕوام وایە نووسەری لای ئێمە نایەوێ هیچ جۆرە سەرکێشییەکی لەو بابەتە بکات‌و ناشیەوێ ڕێزو پێگەی کۆمەڵایەتیی بدۆڕێنێ‌و دواجار ئەمانە بەکێشەو خەمی خۆی نازانێ.. بیرت نەچێت ئەوەی خۆی لەم شتانە بدات دادگاییدەکرێت، ڕیسوادەکرێت، دەبێت بکوژرێت، ئەمانە هەمووی ڕیسکە؛ مەترسییە؛ سەرکێشییەو دەردو بەڵایە، بەردەوام بەرلەوەی کۆڕێك لەسەر پەیوەندی نێرو مێ بگرم، خێزانەکەم دەمترسێنێ‌و دەڵێت کوڕی باش ئاگات لە خۆت بێت.. کەواتە هەموو کەس دەترسێت، ئەگەر تۆ ڕێزی ئەو ترسانە بگری قسەناکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ بڕوات بە حەقیقەتێك هەبێت؛ وەکو زەردەشت دەڵێت وتنی سادەترین حەقیقەت بەر لە تۆ نەوترابێت ترسناکترین شتە، گوێ بەوە نادەیت. هەمیشە کۆمەڵگای مرۆیی نەك بەتەنیا هەر ئێمەی کورد، لە قۆناغی جیاجیادا ئارامییەکی گەورەی دەبێت گەر لەسەر کۆنەپارێزی خۆی بمێنێ، مانەوەی لەسەر ئەو دۆخەی کە تێیدا سەقامگیرو ئارامە پێخۆشە، چونکە هەموو گۆڕانێك جێی مەترسییە، وتنی هەموو ڕستەیەکی تازە جێی مەترسییە. بۆ یەکەمجار کچێك کە قاچی ڕووتکردۆتەوەو چۆتە قوتابخانە ترسناك بووە، لە سلێمانی، یەکەم کەس کە پەچەی فڕێداوە سۆزانی بووە لە دیدی ئەو شارو کۆمەڵگایەوە، یەکەم کەس کە پانتۆڵی لەپێکردووە، بەدڕەوشت بووە، ئیتر تۆ لەم شتە سادانەوە دەستپێبکەو بڕۆ بۆ شتەکانی تر، ئیدی کۆمەڵگای مرۆیی بەجۆرێك لە جۆرەکان لە قۆناغی جیاجیادا هەمیشە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هەموو ئەوانەن کە کۆنەپارێزو شەرمن‌و ترسنۆکن‌و دەیانەوێت لەسەر ئەم تەقلیدە سەقامگیربن، چونکە ئەوان نایانەوێ بێنە ناو پانتاییەك کە بەر لەوان پانتاییەکی مینڕێژکراو بووە، ئەگەر ئەو بچێتە ناوی؛ کێ دەڵێ مینێك لەژێر پێی ناتەقێتەوە. ئەمەیە (نۆبەلادیزم)و (نۆماستولان)، واتە شوێنێکە زەوی حەرامە، تۆ ئێستا لە زەوی حەرامدایت‌و چووزانی بەر تەقەی کام لا دەکەویت، کە تۆ چوویتە زەوی حەرامەوە، چووزانیت کێ دەتکوژێت، کێ دەتفەوتێنێ، بۆیە من بڕوام وایە بەشێکی زۆری ئەو ترسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ تا ئەو شوێنە ئارامە کە لە دۆخێکدایە کە لە مناڵییەوەو بەدرێژایی مێژووی خۆی لەسەری ڕاهاتووە، بەدیوی

ئەودیویشدا لـە كۆمـەڵگای تەقلیدیـدا قسـەنەكردن لەسەر ئەو راستییانە ترسە لە دۆڕاندنی پێگـەو رێـزی كۆمەڵایەتییت، چونكە ئێستا ئەو سیاسـەتمەدارانەمان؛ مامۆسـتاكانمان؛ قەشـەكانمان؛ ئـەو مـەلاو نووسـەرو هونەرمەندانەمان؛ یەكەم شـت كـە بایـەخی پێـدەدەن ئەوەیە كە بایی چەند لە رووی كۆمەڵایەتییەوە رێـزی لێدەگیرێت، بۆیە هەمیشـە زمانێـك دەدۆزێتـەوە كـە هەمووان رێكـن لەسـەری، ئەگـەر تـۆ زمـانێكی تـر بدۆزیتەوە كە زمانی ئەوان نەبوو یان رێكنەبوو لەگەڵ ئەوان، گـەر مەودایـەكت دۆزییـەوە بـۆ خـۆت كـە مەودای ئەوان نەبوو، وەكو ئەو بزنەت لێدێت كە لە مێگەل دادەبڕێتو ئەیەوێ گیایەك لـە لاڕێ بخوات، شوانەكە بەچی دەیهێنێتەوە؟ بێگومان بەگۆچانێك لـە تەوقی سەری دەدات بۆئەوەی بێتەوە ناو مێگەل، بۆیە كۆمەڵگای كوردیو كۆمـەڵگاكانی رۆژهـەڵات لـە قۆنـاغی جیاجیـادا كۆمەڵگایـەكی مێگـەلی بـوون، كۆمەڵگەی گاڕان بوون، ئینگلیز پێیدەڵێت "هێـردز" واتە قەتیعو لادان لە مێگەل یەعنی مردنی خۆت، واتە فەوتانی خۆت.

**لڤین: ئەو رۆمانەی كە باسمانكرد (هاوماڵەكان)، لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا تـەنیا دوو ساڵ مۆڵـەتی چـاپی هـەبووەو دواتـرو تـاوەكو ئـەمڕۆش چـاپو بڵاوكردنـەوەی قەدەغـەكراوە، لـە كاتێكـدا تـەنها چـەند لاپەڕەیـەكی سـەرەتای كتێبەكـەش لەسـەر سێكس دەدوێ؟**

شـێرزاد حەسـەن: حەزدەكـەم زیـاتر لەسـەر ئـەوە قسەبكەین. كاتی خـۆی كـە گۆسـتاڤ فـۆبلێر (مـادام بۆڤاری) نووسی، پێیـانوت "بەدڕەوشـت، بێشـەرەف، بێئەخلاق"و دادگاییش كـرا، لەبەرئـەوەی دەیـانوت چۆن رۆمانەكە باس لە ژنێكی فەرەنسی دەكـات كـە چوار دۆستی گۆڕیوە. واتـە گـۆڕینی پیاوێـك كاتێـك نوشوست دێنێ لـە عەشـقیدا، جـاری دووەم ئەچـێتە باوەشی پیاوێكی دیو نوشوست دێنێ، ئەچێتە باوەشی سێیەم و نوشوست، چوارەمیش هەروەها، ئەمە بۆ ئەو سـەردەمە ئەوپـەڕی بەدڕەوشـتییە، ئـەمڕۆ سـادەترین گەنجی ئینگلیزی كە رۆمانی (دۆستی خاتوو چـاتەرلی) دەخوێنێتەوە پێكەنینی پێدێت كە (ئـێچ دی لـۆرانس) لەسەر چی دادگایی كـراوە؟! ئـەم نووسـەرە چـەندە بێگوناه بووە، ئەو هـەر هیچـی نـەوتووە، بـەڵام لـەو قۆناغەی كـە بـۆ یەكـەمجار دەم لـەم شـتە حەرامانـە دەدەی، ئەمە لەرزاندنو هەژاندنی پایـە كۆمەڵایەتییـە سـەقامگیرو تۆكمـەو دامەزراوەكانـە، نووسـەر ئـەو شەیتانە؛ ئەو ئیبلیسە؛ ئەو زۆڵـەیە؛ ئەو حەرامزادەیەیە كە خەریكە پایەكان ئەڕمێنێ، ئەو پایانەی كە لەسەر درۆ دامەزراون، لەسەر ریاكاریو لەسەر شاردنەوەی حەقیقەت.

**لڤین: پێشـتر باسـی ئـەو جوتبوونانـەمان كـرد كـە دایكانو باوكانی ئێمە ئەنجامیانداوەو زۆرجار لەسەر نـاڕازیبوونی لایـەكیان بەقریشـكەو گریـان كۆتـایی پێهـاتووە، ئەمـەش كاریگـەری راسـتەوخۆو خراپـی لەسـەر رۆحو دەروونـی ئـەو منداڵانـە دەبێـت كـە لەوجۆرە پەیوەندییانەدا دروستدەبن، هـەروەها لە رووی شـەرعییەوە بـەمانا دینییەكـەی؛ ئێمـە لـە پەیوەندییـەكی ناشـەرعییەوە بەرهـەمهاتووین، ئایا ئێمە چەندە تەعبیردەكرێین وەكو زۆڵ؟ یان ئەوەی بەلای منەوە گرنگە خستنەوەی ئەو نەوە نەخۆشو ناتەندروسـتەیە كـە لـە ئاكـامی ئـەو جووتبوونـەدا دروسـتدەبێتو كاریگەرییـە خراپـەكانیان لەسـەر كۆمەڵگە؟**

**شـێرزاد حەسـەن:** تائێستاشـی لەگەڵـدا بێـت لـەو كۆمەڵگایەی كە ئێمەی تیادەژین، شەوانە بەهـەزاران ئـافرەت بـەزۆر ئەتكـدەكرێنو پیـاوان بـەتۆپزی لەگەڵیاندا دەخەون، لـە رووی شـەرعییەوە هەڵبەتـە هەموو بەزۆرنووستنێك كە بە ورتەورتی مەلایەك یـان خوێندنەوەی شتێك تـەواودەبێت، ئیـدی ئەمـە چـەند دەبێتە هۆی ئەوەی كە مارەیی هاتووە یـان نـەهاتووە، شتێكی ترە، بەڵام راستترین پەیوەندی ئەوەیە كـە دوو كـەس كـۆكو رازی بـن لەسـەری، ئەمـە جـوانترین پەیوەندییە لەسەر زەوی، بەڵام ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە ناو شەرع؛ شتێكی تر دەڵێت، بۆیـە مـن بـڕوام وایـە زۆربەی دایكو باوكانی ئێمە دیارە ئەوانیش گوناهیان نەبووە، قوربانی بوون لە ژینگەیەكدا كە ئافرەت تێیدا نەبینراوە، بۆ نموونە ژنان لە چاكترین حاڵەتدا چـوون لە حەمام بووك ببینن تا ئەو كاتەی كە بووك خراوەتە نـاو پـەردەوە، زاوای نـەدیوە، بـەملیۆنان كـچ ئـاوا شـوویان كـردووە، دواجـار چـەند رستـەیەك چـەند شـتێكی پێـدەوترێت كـە ئەوانـە شـەرعین، ئێسـتە راستترین پەیوەندی لە كۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەیـە كـە لە دادگا مارە دەكرێ، بەڵام ئێستاشـی لەگەڵـدابێت زۆرێك لەو كچـانە مـەلا مارەیـان دەكـات، چـونكە دەبێت مەلا رازیبێتو ئایـەتێ بخوێنێ، ئـەگینا حـەڵاڵ نییە، واتە لە كۆمەڵگەی پێشكەوتوو یان لە رۆژئـاوا كە زەواجی مەدەنی هەیە لە شارەوانی خـەڵك خـۆی تۆماردەكات، بەس تۆمـار، هەشـە سـێ منـاڵی هەیـە خۆی تۆمار ناكات، كەواتە دەبێت ئێمە بڵێین هـەموو رۆژئاوا زۆڵە.

**لڤـین: مامۆسـتا لـەو حاڵەتـەدا ئـەو تـەبایيو خۆشەویستییە دەدۆڕێتو كاریگەری لەسەر جینات هەیـە، بـەپێی كۆمـەڵێك لێكۆڵینـەوەی تـازە لـە كـاتی ئەو جووتبوونەدا كە ئینسیجامێكی رۆحی لەنێوان ئەو دوو مرۆڤـدا نییـە، شـوێنەواری زۆر خـراپ جێـدەهێڵێت، لەسـەر ئـەو منداڵـەی كـە دروستیدەكەنو بـەردەوام ئـەو ئافرەتـەی كـە بـە نائاسوودەیی سكێكی هەڵگرتووە لە پیاوێـك كـە هیچ خۆشی نـاوێو هـیچ پێـی قایـل نییـەو رەنگـە نـاڕازی بێـت لـەوەی ئەمـە بـاوكی ئـەم مناڵەیـە، ئەمـە بەردەوام كاریگەری لەسەر پێكهاتەی خێزان دادەنێ؟**

**شێرزاد حەسەن:** لـە رووی زانستییەوە وایـە، ئێسـتا ئەگەر لە رووی جیناتەوە، لە رووی كرۆمۆسۆماتەوە باسیبكەین تەنانەت سیفاتی رۆحـی بـاوك كاریگـەریی لەسەر مناڵەكەی هەیە. بۆ نموونە گوایـە ئـەمیل زۆلا لێكۆڵینەوەیەكی ئەنجامداوەو باس لەوە دەكات گـەر كەسـێك بـاوكی بەدمەسـت بـێ، رەنگـە نـەوەكانی بەدمەست بن، ئەگەر شەهوەتباز بێت، رەنگـە نـەوەی ئایندەی شـەهوەتبازبێت، قسـە لەسـەر ئـەوە هەیـەو گومان هەیـە كـە ئەوانـە چـەندە راسـتو دروسـتن، رەنگە هەموو جار ئەوە وانەیەتەوە، بـەڵام مـن دڵنیـام لـەوەی كـە پەیوەندییـەكی نـاكۆك لـە رووی ئۆرگانیكییەوە، لە رووی جەستەییەوە گەر رۆح تـەبا نەبێت لەنێوان دوو كەسەكەدا، دەتوانێ كاریگەرییو كاردانەوەی زۆر خراپی هەبێت. خۆ من لە خێزانێكی هەلاهەلا گەورەبووم، نموونەی خۆمت بۆ دەهێنمـەوە، من دایـكو بـاوكێكی زۆر ناتـەبام هـەبوو، بـەردەوام شەڕیاندەكرد، هەموو بەیانییەك لەگەڵ شەڕی ئەوانـدا خەبەرم دەبوویەوە، گریمان جیناتی دایكو باوكی من، ناتەبایی ئەوان هیچ كاریگەرییـەكی نـەبووە لەسـەرم، بەڵام من كە سەرم لـە هێلكـە جوقانـد، لـە دامێنـی دایكم كەوتمە خوارەوە، ئیتر مـن ئـەو فیلمـە درێـژەم بینی كە تاڵترین فیلم بوو لە ژیانمـدا، خـۆ مەسـەلەی تەبایی ئەوە نییە، ناتەبایی تـەنیا لـەناو پێخەفـدا نییـە، بەڵكو لە كاتی نۆ مانگی مناڵەكەو لەنێو ئێمەشـدایە. دیارە منـداڵ لـە سـكی دایكیـدا هەسـت بـە هـەموو شەڕەكان دەكـات، هەسـت بـە مۆسـیقاش دەكـات، هەست بە هەموو شتێك دەكات، هـەموو ناكۆكییـەك رەنگدانـەوەی هەیـە لەسـەری، جـۆری خـۆراكی ژنەكـەش كاریگـەری هەیـە، ئـەو خۆراكـەی كـە بەخەمەوە دەیخوات جیاوازی هەیە لەو خۆراكەی كە بەخۆشییەوە دەیخوات، هەموو ئەو شتانە؛ گریانەكانی، ئـەو كاتـەی كـە دایكێـك سـكی هەیـەو ئـەگری؛ مناڵەكـەی لەگەڵیـدا ئـەگری، ئەمـە شـتێ نییـە قسەوباسی لەسەر نەكرێت، ئـەو گـرژیو لۆچـانەی ناو منداڵـدان، هـەموو گرژبوونـەوەكان كاریگـەریی خۆیان دەبێت لەسەر ئەو منداڵە، بەڵام قسـە لەسـەر ئەوەیە كە دوایی لە دایكـدەبێت لـەناو ئـەو خێزانـە ناتەبایە، لەوێوە چیرۆكێك دەستپێدەكات كە چیرۆكی نەهامەتیو نەگبەتی شەوانو رۆژانی رەشە.